# مشروع قانون التأمين الزراعي

## المادة الاولى :

يقصد بالمصطلحات والتعابير الاتية المعانى المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

اولا: الاقليم: اقليم كوردستان- العراق

ثانيا:الوزارة: وزارة الزراعة والموارد المائية.

ثالثا: المجلس: مجلس ادارة الصندوق

رابعا: الصندوق: صندوق التامين الزراعى

## المادة الثانية:

التعريف

يؤسس صندوق التأمين الزراعي لغرض دعم الفلاحين عن طريق التعويضات الى الفلاح أو الزّارع فى حالة الاضرار التى تلحق بمحاصيله الزراعية او ثروته الحيوانية الناتجة عن كوارث الطبيعية والبيئية وذالك لتطوير الانتاج الزراعى وتامين ديمومته.

## المادة الثالثة :

يهدف الصندوق الى مايلى:

١- تمكين الزراع من التوسيع فى الانتاج باستقطاب موارد اضافية عن طريق الائتمنان ، فالتأمين الزراعى يعتبر ضمانة مؤكدة لتمويل الانتاج الزراعى .

٢- ايجاد حد أدنى من الدخل للمزارع و يحقق له الاستقرار فتتهيأ الظروف للتنمية المضطردة والمستدامة .

٣- تشجيع الاستثمار فى الريف و زيادة الدخل القومى للاقليم .

٤- توفير واستقرار امدادات الغذاء فى الاقليم مما يؤدى للاسقرار الاجتماعى والسياسى .

٥- زيادة الاستثمارات فى الريف و بذلك تقل الهجرة من الريف الى المدن .

٦- التعويض على الفلاح (مستثمر ،مالك ،منتفع ) عن الاضرار و الخسائر المادية التى تصيب الانتاج الزراعى( الثروة الحيوانية والزراعية ) خلال الموسم نتيجة الاحوال الجوية او الكوارث الطبيعية .

**المادة الرابعة:**

**١- يشكل مجلس ادارة الصندوق بقرار يصدره وزير الزراعة.**

**٢- يتكون مجلس ادارة الصندوق من :**

*** رئيس لا تقل درجته عن مدير عام من وزارة الزراعة و الموارد المائية..**

*** وممثل عن الوزارات والجهات ( وزارة المالية ، المصرف الزراعي ، ممثل عن الجمعية الفلاحية) .**

**٣- للوزير تسمية اعضاء آخرين للمجلس من ذوى الخبرة والاختصاص.**

**المادة الخامسة :**

**تتكون موارد الصندوق من**

**١- مساهمة الفلاح السنوية فى الصندوق حسب مساحة الارض ونوع المحصول بموجب تعليمات يصدرها المجلس .**

**٢- مخصصات حكومية من الميزانية لوزارة الزراعة لدعم الصندوق .**

**٣- مساهمات من الجمعيات الفلاحية بمبلغ تسدد على دفعات شهرية .**

**٤- التبرعات و الهدايا والمنح المالية التى يقبلها الصندوق من داخل وخارج الاقليم وفق القوانين والانظمة السارية من الدول المانحة والمنظمات .**

**المادة السادسة :**

**اولاً :**

**الحالات المشمولة بالتعويض في الثروة الحيوانية و الزراعية :**

**١- الآفات والامراض والحوادث البيئية .**

**٢- الاحوال الجوية غير المعتادة .**

**٣- الفيضانات.**

**٤- المشاكل الامنية .**

**٥- الحرق .**

**٦- الجفاف .**

**ثانياً: يشترط للاستفادة من هذا الصندوق مايلى:**

١- المساهمة السنوية بمبلغ يحدده ادارة الصندوق.

٢- حصول الضرر الطبيعى الخارج عن الارادة.

**المادة السابعة:**

**تخضع حسابات الصندوق الى رقابة وتدقيق ديوان الرقابة المالية.**

**المادة الثامنة:**

**لوزير الزراعة اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ هذا القانون .**

**المادة التاسعة:**

**لايعمل باى نص يخالف هذا القانون .**

**المادة العاشرة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ هذا القانون .**

**المادة الحادية العشرة:**

**ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره فى الجريدة الرسمية فى وقائع كوردستان**

**الأسباب الموجبة :**

**من أجل دعم الفلاحين والمزارعين والمستثمرين فى القطاع الزراعى و تمكين الفلاح والزارع من التوسيع فى الانتاج وضمان المنتوجات الزراعية ولعدم وجود قانون يحقق كل هذه الاهداف فقد صدر هذا القانون .**

# پرۆژە یاسای بیمەی کشتوکاڵی

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم واژوە و دەستەواژانەی خوارەوە ئەو واتایانەیە لە بەرامبەریان دانراون لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم یاسایە :

١- هەرێم :هەرێمی کوردستان – عێراق .

٢- وەزارەت : وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوی یەکان .

٣- ئەنجومەن : ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوق .

٤- سندووق : سندووقی بیمەی کشتوکاڵی .

**ماددەی دووەم :**

پێناسە :

سندووقی بیمەی کشتوکاڵی دادەمەزرێت بە مەبەستی پشتگیری جوتیاران لە ڕێگەی پێدانی قەرەبوو بە جوتیار و کشتیار لە هەل ومەرجی ئەو زەرەر و زیانانەی تووشی بەرووبومە کشتوکاڵی و سامانە ئاژەڵیەکانی دەبن لە ئەنجامی کارەساتی سروشتی و ژینگەیی ، لە پێناوی پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی و مسۆگەر کردنی بەردەوامبوونی .

**ماددەی سێیەم :**

ئامانجی سندووق بریتیە لە :

١- بواردان بە جوتیاران بۆ پەرەپێدانی بەرووبوومەکانیان بە کۆکردنەوەی سەرچاوەی زیاتر لە ڕێگەی بیمەپێدانەوە ، چونکە بیمەی کشتوکاڵی گرەنتیەکی یاریدەرە بۆ پارەدان بە بەرهەمی کشتوکاڵی .

٢- فەراهەمکردنی لانی کەمی دەرامەت بۆ جوتیار بە شێوەیەك کە سەقامگیری بۆ بڕەخسێنێت و لە ئەنجامدا هەلومەرجی گشتی و بەردەوام بۆ گەشەپێدان بۆ فەراهەم ببێ .

٣- هاندانی وەبەرهێنان لە گوندەکان زیاد بوونی دەرامەتی نەتەوەیی .

٤- فەراهەم و جێگیرکردنی پێداویستی خۆراك لە هەرێمدا کە دەبێتە هۆی جێگیر کردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی .

٥- زۆربوونی وەبەرهێنان لە گوندەکان کە دەبێت هۆی کەمبوونەوەی کۆچ لە گوندەوە بۆ شار .

٦- قەرەبووکردنەوەی جوتیار (وەبەرهێن ،خاوەن مولك، بەهرەمەند) لەو زەرەروو زیانە ماددیانەی لە وەرزی بەرهەم هێنان دا.

**ماددەی چوارەم :**

١- ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندووق بە بڕیارێکی وەزیر پێك دەهێنرێت .

٢- ئەنجومەن پێك دێت لە :

- سەرۆکێك کە پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ لە وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوە ئاوییەکان .
- نوێنەری وەزارەت و لایەنەکانی (وەزارەتی دارایی، بانکی کشتوکاڵی، نوێنەری یەکێتی جوتیاران)

٣- وەزیر بۆی هەیە ئەندامی دیکە بۆ ئەنجومەن دابنێت لە کەسانی شارەزا و پسپۆر .

**ماددەی پێنجەم :**

سەرچاوەکانی سندووق بریتین لە :

١- بەشداری ساڵانەی جوتیار بە پێ ی ڕووبەری زەوی و جۆری بەرووبوومە بە پێ ی ئەو ڕێنماییانەی ئەنجومەن دەریدەکات .

٢- تایبەتکاری حکومەت لە بوودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان بۆ پشتگیری سندووق .

٣- بەشداری کۆمەڵە جوتیارییەکان وەك برێکی مانگانە .

٤- بەخشین ودیاری و پێدانی دارایی کە سندووق وەریان دەگرێت لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بە پێ ی یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکان لە دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان .

**ماددەی شەشەم :**

**یەکەم :**

ئەو حالەتەی قەرەبوو دەیانگرێتەوە لە سامانی ئاژەڵی و کشتوکاڵی :

١- نەخۆشی وکارەساتی ژینگەیی .

٢- بارودۆخی کەش و هەوایی نائاسایی .
٣- لافا و .
٤- گرفتە ئەمنیەکان .
٥- ئاگرکەوتنەوە .
٦-وشکەسالّی .

**دووەم :**

مەرجی سوودمەند بوون لە سندووق بریتیە لە :

١- بەشداری سالأنە بە بڕێك کە ئەنجومەن دیاری دەکات .
٢- دروستبوونی زیانێکی سروشتی بەدەر لە خواست .

**ماددەی حەوتەم :**

ژمێریاری سندووق دەکەوێتە بەر چاودێری ووردبینی دیوانی چاودێری دارایی .

**ماددەی هەشتەم :**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی دەربکات بۆ ئاسانکردنی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە .

**ماددەی نۆیەم :**

کار بە هیچ دەقێکی تری پێچەوانەی ئە م یاسایە ناکرێت .

**ماددەی دەیەم :**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنەکانی پەیوەندیدارە ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن .

**ماددەی یازدەیەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕۆنامەی فەرمی(وەقائعی کوردستان ) کاری پێ دەکرێت .

**هۆکاری دەرچوواندنی ئەم یاسایە :**

لە پێناوی پشتگیری لە جوتیارا ن وکشتیاران و وەبەرهێنەرانی کەرتی کشتوکالّی و یارمەتیییان بۆ فراوانکردنی بەرهەم و گرەنتی بەرووبوومە کشتوکالّییەکان و لەبەر نەبوونی یاسایەك کە هەموو ئەم ئامانجانە بهێنێتەدی ئەم یاسایە دەرچوێندراوە .